سەرکانی مالیزیا و کۆریای باشوور کۆمەڵێک یاداشتنامەی هاوبەشیان واژووکرد



سەرکی کۆریای باشوور، یوون سیک یەل و سەرک وەزیرانی مالیزیا ئەنوەر ئیبراهیم ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی گرێبەستی هاوبەشی ستراتیژی بۆ قوڵکردنەوەی هاوکاری دووقۆڵکان لە بوارەکانی پیشەسازی بەرگری و بازرگانی و وزە و زنجیرەی دابینکردنی کاناکان و چەند بواری تر.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی "یەنهاپ"ـی کۆریای باشوور، هەردوولا لە لووتکەی کۆبوونەوەکەدا کە لەکاتی سەردانی فەرمی سەرک وەزیرانی مالیزیا بۆ کۆریای باشوور بەڕێوەچوو گەیشتوون بۆ ڕێککەوتنانە، کە ڕۆژی یەکشەممە 24ـی تشرینی دووەمی 2024 دەستیپێکرد و بۆیارە 3 ڕۆژ دەخایەنێت.

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، هەردوولا بڕیانیاندا هاوکاری لە بوارە جەراوجەرەکاندا فراوان بکەن، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئاهەنگگێڕانی 65 ساڵەی دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکان لەنێوان هەردوو وڵات.

لەڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەکە، سەرکانی هەردوو وڵات تیشکیان خستەسەر هاوکاری لە بواری پیشەسازی بەرگری و هاوڵابوون لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری لە بواری توژینەوە و پەرەپێدانی بەرگری و تەکنەلۆژیا.

هەروەها بڕیانیاندا تاوەکو ساڵی داهاتوو دانوستانەکان لەسەر ڕێککەوتنی بازرگانی ئازاد-ی دوولایەنە

تەواو بکەن بۆ بەهێزکردنی هاوکاری لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان و پیشەسازیە تازە دەرکەوتووەکانی وەک بایۆتەکنەلۆژیا و وزەی سەوز.

لە پەراوێزی ئەو لووتکەیەدا، هەردوو حکومەت یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان ئیمزاکرد بۆ ئاسانکردنی هاوکاری لە زنجیرەی دابینکردنی کانزای بنچینەیی و تەکنەلۆژیای گرتنی کاربۆن و پێڕەکانی کەمکردنەوەی گازی ئۆکسیدی نایترەس هەمای کیمیایی (N^2O)، هەروەها پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.